www.kurdistannet.org
15-2-2006 17:01 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ناحەزان ودژی حەقیقەت ... شوان كۆژە

بێگومان تاقمی ئیسلامیەكان كە بروایان بە گۆرانكاری و گەشەكردن نیە لە هیچ روویەكی بەشەكانی ژیانەوە هەردەیانەوێت بە هەمان بارو گوزەران بروات كە سەرەتای ئیسلامی تێدا گەشەی كردووە دواتركاتی مەلایەتی و شێخایەتی چی گووتراوە هەر ئەوەیە كە بێگومان كە بۆ كاتی خۆی گونجاوەو دەكرێت وكاتی نەماوە یاخود دژی شارستانێتی و پێشكەوتنی مرۆفایەتی یە هەرگیز باسی لێوە ناكەن كە یەكێكیش دێت و شیدەكاتەوە هەروەك گورگی برسی دەیانەوێت بیخۆن چونكە پەردەی حەقیقەتی هەلداوەتەوە كە مەریوان هەلەبجەییش یەكێكە لەو شیكەروانە جاهەموو لایەك دەزانێت ئەمانە لە شەری ناوخۆداو بەهۆی رژێمی كۆنەپەرستی ئێرانەوە دروست بوون كە ئێستاش جەماوەری كوردوستان كە دەیانەوێت خۆیان دامەزرێن و ببنە خاوەنی خۆیان و بگەنە میللەتانی جیهان ئەمانە سوود لە مێشك داخراوەكانی ئێران و سعودیە و دەورویشتیان دەكەن كە ژمارەیەكی بەرچاون هەلدەسن بە خۆپیشاندان و فتواكانی بنلاندن دژی مەریوان و دانیمارك دەچن راگەیاندنەكانیان بەناوی جەماوەری دژی كۆنەپەرستی و نایەكسانی بلاودەكەنەوە یان داوا لە پەرلەمانە كۆنەكەی (ینك وپدك) دەكەن لە دەستوورەكیاندا راچاوی داواكانیان بكەن جا جەماوەر دەبێت ئاگاداربێ و بە توندی دژیان بووەستێنەوەو بەدرۆبخرێنەوە و سایتەكانیش بلاوی نەكەنەوە كە لە كوردیستانێتە ئەوەی هەولێرو سلێمانیان بلاوكراوەتەوە

miran_333@hotmail. com